HULL MARITIME

YORKSHIRE

# بەندەرێکی مێژویی

**سەردەمانێک  ئەم ناوچەیە ناوەندێکی بازرگانی قەرەباڵغ بوو، پڕ بوو لە کەشتی و بازرگانانی سەرانسەری جیهان.**

بەندەری پرینسس لە ساڵی ١٨٢٩ کراوتەوە و لە سەرەتادا بە بەندەری چوارڕیان ناسرابوو.

بۆ ماوەی ١٣٩ ساڵ، تا داخستنی لە ساڵانی شەستەکاندا، بەندەرەکە بەشێکی دانەبڕاو بوو لە دیمەنی دەریایی شاری هاڵ.

بەندەرەکە بەستراوەتەوە بە هەردوو بەندەری کوینز لە باکوور (ئێستا باخچەی کوینز) و بەندەری هامبەر لە باشوور (ئێستا هال مارینا)، پێکەوە بازنەیەکیان لەچواردەوری شارۆچکە کۆنەکەی سەدەی ناوەڕاستی هال دروستکردبوو، کە کەشتییەکان و بارەکانیان تێیدا تێدەپەڕین بۆ هاتن و ڕۆیشتن لەشارەکە.



کۆمپانیای سی دی هۆڵمزی ناوخۆیی ئامێری بۆ کەشتییەکان دابین کردووە، لەنێویاندا کەشتیی کۆرسایرئارکتیك. ئەم وێنەیە لە ئەرشیفی مۆزەخانەی هال وەرگیراوە، ئەندامانی تیمی کەشتییەکەن لەناو کەشتییەک لە بەندەری پرینسس.

شەقامی بەندەڕی پرینسس  کە هاوتەریبە لەگەڵ بەندەرەکەی پێشوو، پڕبوو لەبازرگانە ناوخۆییەکان کە خزمەتیان بە بازرگانی دەریایی هال دەکرد.

لەوانە بازرگانانی میوە و ماسی، دروستکەرانی چارۆگە، دروستکەرانی قیبلەنما، ئارایشتگا، بەرگدروو و نوسینگەی کەشتیوانی.

**لێواری بەندەری پرێنسس بە درێژایی لێواری دیوارەکانی شاری سەدەی ناوەڕاستی هال درێژدەبوەوە. ئەمڕۆش دەتوانن ئەمە ببینێت کە لەسەر سۆشتەکە نیشانە کراوە.**



ئەم وێنەیە بەلەمێکی ماسیگرتن لە بەندەری پرێنسس نیشان دەدات. باڵەخانەی مۆنۆمێنت لە لای ڕاستی وێنەکەیە، تاکو ئیمڕۆش هێشتا لە تەنیشت گەلەری هونەری فێرێنس ماوە.

وێنەکە لە  هاڵ دەیلی مەیل وەرگیراوە.




ئەم وێنەیە لە ئەرشیفی مۆزەخانەی هال وەرگیراوە. گومەزی نوسینگەکانی بەندەر (ئێستا مۆزەخانەی دەریایی) لە دوورەوە دیارە.

ئەم زانیاریانە بە زمانەکانی تر بەردەستە – لەڕیگەی سکانکردنی کۆدێ QR.

Hull City Council

Made possible with Heritage Fund

**maritimehull.co.uk**

# “Know the ropes”

## سەرچاوەی دەستەواژەکە

وەکو لە دیوەکەی تری ئەم بڵاوکراوەیە بۆت دەرکەوت، ئەم پیاوانە بنەماکانی پیشەکەیان بە تەواوی دەزانی. لێرەوە ئەم دەستەواژە سەرچاوەی گرتووە، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی کەشتییە گەشتیارییەکان، کاتێک هەموو دەریاوانێک پێویست بوو شارەزابێت لە تۆڕە ئاڵۆزەکانی پەت و گرێی تایبەت کە پێویست بوو بۆ ئەوەی کەشتییەکە لە سەر ئاو بمێنێتەوە. تا ساڵانی ١٨٤٠ ئەم دەستەواژەیە بووە دەستەواژەیەکی باو بۆ تێگەیشتن لە ئاڵۆزییەکانی ئەرکێک یان پیشەیەک.